# شارام نازری، خۆشەویست لای فەرەنسییەکان

وەرگێڕ بۆ کوردی: ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

پەیڤێک: ئەم بابەتەم بەینێکە ئامادە کردووە و مەخابن لەبەر سەرقاڵییەکانی ژیان، پێم نەکرا لە کات و وەختی خۆیدا ڕەوانەی لای ماڵپەڕەکوردییەکانی بکەم. گەر لە چەن شوێنێ ئاماژە بە ڕۆژ و مانگ دەکرێ و ئەو ڕۆژانە تێپەڕیون داوای لێبوردن لە خوێنەری هێژای کورد دەکەم بەڵام نێوەرۆکی بابەتەکە ڕۆژ و مانگی  بۆ نییە و میناک بابەتێکی هونەری جێی ئاوڕ لێ دانەوەیە.

************************************************************

بڕیار وایە کۆتایی مانگی فێڤرییە و سەرەتای مانگی مارس لە ئاهەنگێکی تایبەتدا بانترین خەڵاتی چاندی وڵاتی فەرەنسا بدرێ بە سترانبێژی ناسراوی مۆسیقای ڕەسەن، شارام نازری.
بە گوێرەی ڕاپۆری پەیامنێری ڕۆژنامەی "ئیعتیمادی میللی"، شارام نازری بەینێ لەمەوبەر بە بۆنەی هەشتسەدەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی مەولەوی بەڵخی (ڕۆمی) لە هۆڵی "دێلاڤێل"ی وڵاتی فەرەنسا کۆنسێرتی گێڕا کە ئاهەنگەکەی لە تەک پێشوازی بەرفرەی فەرەنسییەکاندا بەرەو ڕوو بوو.
شارام نازری دواجار نێوەڕاستی ئەمساڵ لە ئێراندا کۆنسێرتی گێڕا کە سەرباری پێشوازی باش وەک کۆنسێرتی هونەرمەندانی ناسراوی دی، هەرا و هوریای زۆریشی لێکەوتەوە.

### چەمەڕای ڕووداوێکی باش لە مۆسیقادا

شارام نازری بە پەیامنێری ڕۆژنامەی "ئیعتیمادی میللی " ئەڵێ:
کۆنسێرت کردن  لە زۆر بارەوە باشە بەڵام ئەمڕۆکە هەتا ڕادەیەک زەحمەت و گرانە. ئەو هەروەها دەبێژێ: بەڕێوەبەران و بەرپرسان چاک لە گیر وگرفتەکانی مۆسیقا دەگەن و ئێستا هەمووان چەمەڕای ڕووداوێکی باش بۆ مۆسیقان ،ڕووداوی باش واتە پلان داڕشتنی شیاو و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی لەبار بۆ مۆسیقا لە لایەن بەرپرسانەوە . ئەو هەروەها ئەڵێ: بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرت دەبێ  هاسانکاری بۆ هونەرمەندان بکرێ و کەرەستەی شیاویان بخرێتە بەردەس.
نازری پاشان ئەڵێ: هەندێ بگرە و بەردە و ناکۆکی لە نێوان هونەرمەند و ژەنیار و مۆزیکاراندا هەیە کە دەبێ وەلانرێن. مەخابن هێشتا ئەم کەشە لە نێوان هونەرمەندان دا پێک نەهاتووە کە سووک و سانا و بە ڕووانگە و بیر و بۆچوونی شیاو پێکەوە کار بکەن و چالاکییان هەبێت و تەبا بن ، کێشەکە لێرەدایە  ڕۆحی چالاکی بە کۆمەڵ و هاریکاری گرووپی، تیا چووە.

شارام نازری بەم چەشنە ڕاڤەی ئەو پرسە دەکات: لە سەرەتای شۆڕشدا هۆگری بە مۆسیقاوە فرە بوو و ئەم چەشنە هاریکارییە لە نێوان مۆسیقاکاراندا گەلێ خۆیا بوو کەچی ئێستا ئەم پێوەندییە پچڕاوە ،دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەوتە. ئەم لێکدابڕانە لە دونیای مۆسیقا دەبێ ڕووی لە یەکگرتنەوە بێت و جێی خۆیەتی لەم هەل و مەرجەدا کەڵکی پێویست لە شارەزایانی ڕاستینەی مۆسیقا وەربگیردرێ و ئەوان پێکەوە کار بکەن.

## ئەو ڕووبارەی بەرەو بیاوان چووە

شارام نازری ئەڵێ: گەر متمانە بکەوێتە نێوان ژەنیار و مۆزیکارانەوە بێگومان مۆسیقا لەو گەرداوەی تێی کەوتووە دەرباز دەبێ و لە ڕێی عەشق و خۆشەویستییەوە کە ئێستا لە نێو چووە، دەکرێ ڕووبارەکەی مۆسیقا کە ئاوەکەی بە بیاواندا چووە ،بگەڕێنیتەوە بۆ وەردەکەی خۆ. ڕۆحی چالاکی و هاریکاری هەمووانی دەبێ بەرز بکرێتەوە و کەشێکی لەبار بۆ چالاکی مۆسیقایی پێک بێت.

## مۆسیقای بازاڕی(کاسبکارانە)،کەم بایەخ و لاسایی کەرەوە

شارام نازری ئەڵێ: ئێستا لە مۆسیقادا گرووپێک ،مژولی کاری بازاڕی، کەم بایەخ و لاسایی کەرەوەن.
فلانە کۆمپانیا و بەشگە ئەڵێ ئەو کارەم بۆ بکە کە لە دەنگی فلان کەس بچێ،ئەمە بە ڕاستی بۆ مۆسیقا خەسارە. بەشێکی مۆسیقاکەی ئێمە وەک کاری نێو ئاژانسەکانی ملک و ماڵی لێ هاتووە، بەشێکی دیکەشی کە دەوڵەتییە لە تەک گەلێ گیر و گرفت و کێشەی بۆرۆکراسیدا بەرەو ڕووبە. ئەم پرسانە گەلێ هەستیارن و دەبێ وەبەر سەرنج کەون.

## کۆڵنەدەر،هەوڵێکی شۆڕشگێرانە

شەکەتی و ماندوویەتی کۆنسێرتەکەی ئەمساڵی نازری هێشتا بە سیمایەوە دیارە. ئەو ئەڵێ: ئیدی هەتا ماوەیەکی دی کۆنسێرت کردن بەڕاستی زەحمەتە مەگین ئەوەی ڕەچاوی گەلێ خاڵان بکرێ.
نازری بۆ یەکەمجار سەبارەت بە کۆنسێرت کردن لە ئێراندا ئاماژە بە خاڵێکی سەرنج ڕاکێش و باڵ کێش دەکات. ئەو سەبارەت بە هۆ و هەگەرەکانی بەڕێوەبردنی کۆنسێرت لەو سەردەمەدا وا ئەڵێ : لەمێژ بوو هەموو شتێ لە دونیای مۆسیقادا بە دەوری بازنەیەکدا دەسووڕایەوە و زۆر کەم کۆنسێرت دەکرا. من پێم وابوو دەبێ شۆڕشێک بەسەر ئەو بەستێنەدا بێت و ڕوو بکرێتە کۆنسێرت کردن. من وای بۆ دەچووم دەبێ شۆڕشێک لەو بوارەدا بکرێ بەڵام هەر لە بەر ئەوە وەبەر گوشارێکی زۆر کەوتم و خەسارم دی.
نازری پاشان لە درێژەی وتووێژەکەی دەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی ئیعتیمادی میللی دەڵێ: هەندێ جار برێک کار دەکەم کە بوێری و زاتی گەرەکە هەتا ڕێگەیەک بکرێتەوە.

ورەی نازری بە وتەی خۆی بە جۆرێکە پێی خۆشە دەرکەی قفڵ و کڵۆمکراو بکاتەوە تەنانەت گەر لەسەر ئەوەش خەساری لێ کەوێ و زیان ببینێ.

## شارامی نازری ،خۆشەویست لای فەرەنسییەکان

بەڵام بەم ساڵە دواییانە وڵاتی فەرەنسا میوانداریێکی چاک بۆ چالاکی ئەم مامۆستای مۆسیقا بووە. کۆنسێرتی ئەم بەینەی نازری لە پاریس ،پێنجەمین کۆنسێرت بوو کە لە ساڵی 1990 ەوە نازری لە هۆڵی تیاتری شاری پاریس بەڕێوەی دەبرد و ئاهەنگەکەی بە جۆرێک گێڕا کە بلیتەکانی ئەو کۆنسێرتە گەلێ مانگان پێشتر فرۆشرابوون و زۆرێ لە هۆگران لە پشت دەرکەی داخراو مانەوە.
لە کۆنسێرتەکەی ئەم بەینەی نازری،عەلی ڕەزا فەیز باشی پوور بە تەمووره،حسێن ڕەزایی بە دەف و دەهۆڵ و خودی شارام نازری بە سێتار کەوتنە نواندنی هونەرەکەی خۆ. شارام نازری پاش گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی پاریس بە هەواڵدەری مێهر(ی) گوتبوو:جیاوازی ئەم کۆنسێرتە دەگەڵ کۆنسێرتەکانی دی لەوەدا بوو کە سەتی هەشتای هۆگرانی ئەم بەرنامە فەرەنسی بوون. نازری بەم ساڵە دواییانە لە ڕاستیدا هەر دووساڵ جارێ لە هۆڵی تیاتری شاری پاریس کۆنسێرتی کردووە.
نازری بەم ساڵانە لە ڕێی فێستیڤاڵەکانی ناسراوی جیهانییەوە وەک فێستیڤاڵەکەی ئاڤینیۆن، کۆڕەجێژنەکەی ئێکس،فێستیڤاڵی جۆربەجۆری هاوینیی باشووری فەرەنسا و فێستیڤاڵەکەی سێن فلۆرانس، کۆنسێرتی کردووە و هونەردۆستانی فەرەنسی زانیارییەکی باشیان لەسەر کارەهونەرییەکانی ئەم هونەرمەندە هەیە.
بۆ بەرپرسان و کاربەدەستانی بەشی چاندی فەرەنسا زۆر لەبەردڵان بوو کە هونەرمەندانی خۆرهەڵات بێن و بتوانن هەتا بەوەندە ڕاکێشەری خەڵکانێکی زۆر لە فەرەنسا بن.

## شارام نازری بە لای لۆمۆندەوە

ئامادەبوونی نازری لە فەرەنسا لە گەڵ پێشوازی بلاڤۆکی فەرەنسی دا بەرەو ڕوو بوو، هەتا بەوێ ڕۆژنامەی بەناوبانگی فەرەنسی "لۆمۆند" سەبارەت بە نازری نووسی: شارام نازری بۆ یەکەمجار ساڵی 1988 هاتە هۆڵی تیاتری شاری پاریس و پاشان بەشداری فێستیڤاڵەکەی ئاوڤینیۆن بوو. ساڵی 2004 لە لایەن "ئاریان مێنۆشکین" میوان کرا هەتا بۆ بوولەرزەلێدراوانی "بەم" کۆنسێرت بکات، لە سبەی هەمان ڕۆژدا لە "ڕۆیاڵ ئەڵبێرت هاڵ"(ی) لەندەن دەگەڵ هاوتای خۆ محەممەد ڕەزا شەجەریان ئاهەنگیان گێڕا.

## دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکتر بەلای نازرییەوە

شارام نازری له فەرەنسا له وەرام به  پرسیارێکی لۆمۆند وتبووی: "جیهان زۆر ئاڵۆز بووه و خەڵک گەلێ لێک دوور کەوتوونەتەوه."
لۆمۆند له درێژەی ڕاپۆرەکەی که ماڵپەڕی هونەر و مۆسیقا بڵاوی کردۆتەوه، نووسی : له هەڵبەستێکی مەولانای ڕۆمی دا (که نازری له زۆربەی کۆنسێرتەکانی دا دەیچڕێ) قامیشێک دەبێ به بلوێر و وەسفی حاڵی ئەو ژن و پیاوانەی دەکات که لەبەر بڕین و جیاکردنەوەی ئەو قامیشه له قامیشەڵان، سکاڵایانه. ئەم ڕۆژنامه بەناوبانگه فەرەنسییه  پاشان دەنووسێ: "شارام نازری به پێچەوانەی زۆر کەسان له هاتووچۆدا زۆ ئازاد و سەربەسته. ئەو وەک پیاوێکی ڕاستینه و کەسایەتییەکی  خودان وەجاخ قەت له دەرێی ئێران،وڵاتێک بەو هەموو ڕەنگەوه،نەژیاوه."

## جادەی شۆسته،جادەی قیرتاو

نازری لەو وتووێژه به ناوبانگەی خۆ دەگەڵ ڕۆژنامەی لۆمۆند له سەر چۆنیەتی هۆگری خۆ به مەولانا دوابوو:"من بوومه شەیدای شێعری مەولەوی ڕۆمی،چونکه من کوردم و لەو هەموو هەست و نەسته و شۆر و حەماسەتم تیایه.
من قەت له بەرەو ڕووبوونەوەی گیر و گرفتەکانی ژیان ترسم لا نییه. ئەو دەمەی مێرمناڵ بووم ،دەچوومه لای مامۆستا "بەنان" و شێعری مەولەویم بۆ دەخوێندەوه ؛شێعر له وەسفی تۆفان و فەرتەنەدا،زەریا، کەشتی تێک شکاو یان نەهەنگی زەبەلاح که له ئاو و خوێن دەخواتەوه.
"بەنان" زۆر به سەیرەوه پێمی دەگوت ئەم ووشه و پەیڤانه ڕۆحێکی زبریان تیایه و هەر ئەمەش جوانی دەنگ تێک دەدا.
من وەک شۆفێرێک دەجووڵامەوه که جادەی خاکی و شۆستەی بەلاوه پێ باشتره له جادەی قیرتاو.
ساڵەها دواتر پێم وت:مامۆستا!دەبینی من لەو دەستەخەڵکەم مەلەی نێو شەپۆلانی زەریای تووشم لا پێ باشتره له مەلەی نێو گۆمێ.

ژێدەر: ڕۆژنامەی "ئیعتیماد میللی،یەک شەممه 29 ی ڕێبەندانی 1385 ی هەتاوی، لاپەڕەی ئەدەب و هونەر،ئامادەکەری ئەم بابەته به فارسی بەڕێز:محەممەد تاجیک

تاران

20 ی ڕەشەممەی 2706 ی کوردی